**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلآیەتی**

**ژمارە :٦٦٤٥ لە ٢٠٢٣/٩/٧**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی کە پێماندراوە لە ماددەی (حەڤدەیەم /١) لە پەیڕەوی (خانەی دایەنگاکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق) ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٣ و بەمەبەستی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ماددەی (چواردەهەم)ی پەیڕەوەکە ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی دابەشکردنی داهاتی دایەنگا حکومیەکان**

**ماددەی (١)**

**یەکەم:** ڕێژەی (٤٠%) خەرج دەکرێت بۆ کڕینی پێداویستیەکانی دایەنگا .

**دووەم:** ڕێژەی (٤٠%) خەرج دەکرێت بۆ هاندان (حوافز)ی کارمەندانی دایەنگا (فەرمانبەرانی هەمیشەیی وگرێبەست وخۆبەخش) بۆ (بەرپرسی دایەنگا، توێژەر، دایەن ، مامۆستا، کارگوزار، باخەوان، چێشت لێنەر، سەرپەرشتیاری خۆراك ، پەرستار، شوفێر، پاسەوان )، بڕەکە مانگانە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت بەسەرۆکایەتی بەرپرس و دووکارمەند دایەنگاکە دیاری دەکرێت ولیژنەکە ساڵانە دەگۆڕدرێت، بەرەچاوکردنی پابەندیان بە ئەرکی فەرمانبەریەتی وبەرپرسیارەتیان، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کە جیاوازیەکی فراوانی نەبێت لە بڕی هاندانەکە لە نێوانیاندا.

**سێیەم:** ڕێژەی (٢٠%) دەکرێتە داهات بۆ گەنجینەی حکومەتی هەرێم.

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کاروکاروباری کۆمەلآیەتی**